**نیهاد جامی شانۆکار:**

## پەیوەندیی نێوان هونەرمەندو حزب پەیوەندییەکە وابەستە بە بنیاتنانی فاشیزم

**گفتوگۆ: ئالان عومەر**

www.nwche.net

**ئەوانەی کاری هونەریان تەسلیمی حزب کردووە ئەوان ویستویانە هونەر بە حزب بفرۆشن هێندە گەوجانە ڕەفتاریان کردووە بیریان چووە ئەوان تەنها خۆیان بە حزب فرۆشتووە نەک هونەر**

**ناتوانم عەقڵی خۆم لە شانۆی جیهانی داببڕم بەناوی کوردبوونەوە هێزە سیاسیەکان لەو گەمە ناشیرینە رۆڵێکی سەیریان بینی بەبیانووی کوردبوون لە کەرکوک**

**شانۆ هەمیشە لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانەوە توانای پێشڤەچوونی هەیە، دەسەڵات بەهەموو جۆرەکانیەوە گیانی ئەفراندن دەکوژێت**

**کاتێ شانۆکار لەسەرووی هۆشیاری بینەرەوە ئیشی کرد دەتوانێ شانۆ بەرەو پێش بەرێت، بەڵام ئەگەر لەخوار هۆشیاری بینەر سەیری شانۆی کرد بەو بیانووەی بینەر بە ئاسانی تێ بگات ئەوساتە شانۆ لەناو دواکەوتنی کولتوریی دەژیێت.**

**کوردبوون بۆ ئێمە بەرەنجامی عەقڵی کارکردنە نەوەک جل وبەرگی کوردیی**

**ئەگەر ئێستا من حزبی بوومایە خاوەنی ئۆتۆمۆبیل و سەفەری مانگانە بۆ ئەورووپاو دەزگایەکی شانۆییم بۆ دەکرایەوە ئەبووم بە بەرێوبەرو کۆمەڵێک کارمەند لەژێر دەستم کاریان ئەکرد گۆڤارەکەمان بەڕسووایی دەرنەدەچوو هەر جارەی بە کەسێک بڵێین ئەم ژمارەیەمان بۆ چاپ بکە، بەڵکو بە جوانترین فۆرم و بەچاپی رەنگاورەنگ بلاومان دەکردەوە، بەڵام کە حزبی نیم شەر لەگەڵ ئاسن و بەرد ئەکەم بۆ ئەوەی کارە شانۆییەکانمان بەردەوام بن و سواڵ بۆ گۆڤارەکە دەکەم**

**ئەوانەی خاوەنی هۆشیاریەکی بەرز نین بوونی شانۆ بە پێویستیەک نابینن**

**ئەگەر داوای بودجەی گروپەکەمان وەک جاری پێشوو بێ ئەنجام بوو ئەوە ئەمجارە بڕیاری یەکجارەکی ئەدەین و چیتر خۆمان بەهیچ وەهمێک خەریک ناکەین و پەنا ئەبەینە بەر دەزگاکانی ناو کەرکوک ئەوسا ڕازی ئەبین هاوکاری لە عەرەب و تورکمانیش وەربگرین**

نیهاد جامی شانۆکار و نوسەرێکی جدیە لەقسەو کارو بەرهەمەکانی زیاتر هەست بەو تموح و نیگەرانیانە دەکرێت کە لەخەیاڵی ئەم هونەرمەندە بونیان هەیە ئێمە بەمەبەستی زیاتر قسەکردن لەسەر ئەو گرفتانەی بەرۆکی شانۆو کارەکانی ئەوو

گروپەکەیان گرتووە بۆ خستەروی بیروراکانی پێویست بوو لامان ئەم حیوارەی لەگەڵ بکەین.

* زۆرکات ئێوە لە زمانی نوسین دا هەوڵ ئەدەن شێوە نوسینێکی فەلسەفی بەکار بێنن ئایا لە شانۆشدا بە هەمان زمان ئەدوێن؟ تا چەند ئەم زمانە گرفتێك بۆ گەیاندنی پەیامەکانتان دروست ئەکات وتا چەند ئاسانکارە؟ بەگشتی دەکرێت وەك ئەوەی هەندێ هونەرمەند باس دەکەن زمانی شانۆو ناوەرۆکی ساکار بێت بۆ ئەوەی خەڵك تێ بگات یان قوڵ و واتا دار بێت بۆ ئەوەی خەڵك ناچار بەبیر کردنەوە بکات ؟

- هەوڵ ئەدەم تۆزێك لەوەلامی پرسیارەکەتان ووردبینتر بم، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم زمانی نووسین تا ئەو ڕادەیە بارگاوی بێت بە فەلسەفە هێندەی ئیشکردن لەسەر چەمك و زاراوەکان وا دەکەن زمان لەناو پانتاییەکی فەلسەفیەوە بێتە دوان، هەڵبەت بەهۆی ئەوەی لەڕابردوودا چەند کتێبێکم لەبارەی فەلسەفەو کۆمەڵناسی هەبووە، بۆیە ئەو زمانە زۆر بەڕوونی دەرکەوتووە، دیارە ناکرێت لەناو تێکستە فەلسەفیەکاندا بەزمانێکی سادە بدوێین، چونکە لەو ئیشکردنانە دەبێت بۆ ناو تێکستەکان بگەڕێینەوە، گەڕانەوە بۆ ناو تێکستەکان خوێندنەوەی بونیادی زمانەوانی و فەلسەفی و زانستەکانی وەکو ئەنترۆپۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیای ناو تێکستە.

پرسیارەکە ئێستە ئەوەیە ئایا لە شانۆدا ئەو زمانە ئامادەبوونی هەیە؟ دیارە لەلای ئێمە شانۆ لەناو کۆمەڵگادا نەیتوانیوە ڕەهەندێکی سۆسیۆلۆژیانە بگرێتە خۆی، هێندەی شانۆ ڕووبەری کات بەسەربردن وگواستنەوەی وێنەی لادێی بووە، هەڵبەت شانۆ دەبێت لەکۆمەڵگادا ئەو وێنەیە تێکبشکێنێت، ئەوە ناشاردرێتەوە بەهۆی کاریگەر بوونی تەکنەلۆژیا خەڵك بۆ کات بەسەر بردن پێویستی بە شانۆ نەما، چونکە کۆمپیوتەرو سەتەلایت ئەو جۆرە بینەرەی لە شانۆ دوورخستەوە، بەهەمان شێوە ئەو شانۆکارە نەخوێندەوارانەشی دوور خستەوە، لەپاڵ ئەوە ئەوانەی عاشقی دەرکەوتن بوو بەرەو زنجیرە تەلەڤزیۆنیەکان و پێشکەشکاری بەرنامەکان هەنگاویاننا، ئەوانەی لەشانۆدا مانەوە بە ژمارە زۆرنین، بەڵام کەسانێکن عیشقی شانۆ ئەوانی لەناو ئەو هونەرە هێشتۆتەوە، بۆیە لەهەر شارێکی کوردستان ئەوانەی بەجدی کار دەکەن بریتین لەچەند گروپێکی شانۆیی دەست نیشان کراو، لەپاڵ ئەوەدا چەند شانۆکارێکیتر ئەگەرچی کەم بەرهەمیش بن بەڵام ئامادەبوونیان هەیە، ئەوەش وای کردووە بینەری شانۆ کەم نەبێت بەقەد ئەوەی ئەوانەی بۆ شانۆ دێن ئەو توێژەن کە شانۆ بەلایانەوە خۆراکێکە کۆمپیوتەرو تەلەڤزیۆن ناتوانن بۆی پڕ بکەنەوە، بۆیە لەداهاتوودا بینەری ئێمە لەشانۆدا دەبێتە ئەو بینەرە هۆشیارەی درك بە گرنگی رۆڵی شانۆ دەکات، ئەوە وون بوونی بینەر نیە وەك لە دەزگاکانی راگەیاندن باسی لێوە دەکرێت بەقەد ئەوەی بینەری شانۆ ئیدی بینەرێکی دەستەبژێرە، وەك چۆن بینەری ئۆپیراو بالێ بینەرێکی دەستەبژێرن، ئایا ئەوانەی گوێ لەمۆسیقای کلاسیکی دەگرن ژمارەیان چەند کەسە؟ ئاخۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەمانگێکدا ژمارەی ئەو بینەرانە چەندە کە بەدیار زنجیرە تەلەڤزیۆنیەکانی مەکسیکی و تورکی و سوری دادەنیشن؟ پێوانە بەوە لەمانگێکدا ئەگەر لە شارێکدا سێ نمایشی شانۆیی پێشکەش بکرێت ژمارەی ئامادەبووانی ئەو نمایشانەی چەندە؟ ئەوە پەیوەستە بە هۆشیاری بینەرەوە، وەك چۆن ئەوانەی خاوەنی هۆشیاریەکی بەرز نین.. دیسان بوونی شانۆ بە پێویستیەك نابینن، ئەگەر سەیر بکەیت لەمانگێکدا چەند کاسێتی گۆرانیبێژێکی دەنگ خراپ و ووشەی بێمانا دەفرۆشرێت لەپاڵ ئەوە ئاخۆ تیراژی

فرۆشتنی مۆسیقایەکی شۆپان یان چایکۆفسکی دانەیەکی لێ دەڕوات؟ ئاخۆ ئەوە خراپی مۆزارت و شۆپان وڤیڤالدیە یا چێژی هونەری ئێمەو هۆشیاریی گوێگرتنمان لە مۆسیقا نیە، بۆیە ئەوە گەڕانەوە نیە بۆ زمانی فەلسەفی لە شانۆدا هێندەی پەیوەستە بە هۆشیاری بینەر لەزمانی شانۆ، کاتێ گرفت لەو زمانە درووست بێت ئەوە خەڵك فێری ئەوە بووە شانۆ نوکتەو پەندوئامۆژگاری پێشکەش بکات، شانۆی بە قوتابخانەی گەل سەیر کردووە، تا ئێستاش زۆربەی شانۆکارانیش ناتوانن ئەوە قەبوول بکەن کە شانۆ قوتابخانەی گەل نیە بەڵکو دامەزراوێکی کولتوریی و فکریی و جوانناسیە، شانۆ خاوەنی زمانی سادە نیە، بەڵکو لەناو ئەو زمانەدا ئاماژە ئیش لەسەر فرە دەلالەتی دەکات، ئەوەش بینەر بەرەو تەئویلی جیاواز دەبات، بۆیە بینەر لەئەنجامی بیرکردنەوە دەتوانێ بەشداری لەپرۆسەی بەرهەم هێنانەوەی مانادا بکات.

* هەندێ کات لەکاری شانۆیدا پەناتان بۆ بەکارهێنانی زمانی جەستە " بانتۆمایم"بردوە پێت وایە جەماوەری شانۆ لە کوردستان گەشتبێتە ئەو ئاستەی بەدور لەدەق لە زمانی جەستە بگات ؟ ئەی وا دەزانی شانۆکاری کورد ئەو توانایەی هەبێت بە جوڵە فەراغی نەبونی دەق پڕ بکاتەوە ؟

- نەك هەندێکجار بەڵکو جەستە پرۆژەیەکی کولتوریی دیاری ناو کاری شانۆییمان بوو، ئەوەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە جەستە ڕووبەری حەرامکراوی ناو کۆمەڵگا بووە، ویستومانە ئەو جەستەیە لەناو کاری شانۆیی ئازاد بکەین، بۆیە سەرەتای کارەکانی من لەهەولێر لە شەش کاری شانۆیی پێنجیان بانتۆمایم بوو، دواتر لەدامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك لەقۆناغی یەکەمدا پێنج کاری ترمان نمایش کرد کە هەموویان بانتۆمایم بوو، ئەوە ئیشکردنەوە بوو لە شوێنەوارە مێژوویەکان بەوەی چۆن جەستە لە شوێنەوارەکان شانۆ بنیات دەنێت، سەرەتا لەگەڵ بینەر تووشی بەریەککەوتن لە تێنەگەیشتن دێیتەوە بەپێی درێژبوونەوەی ئەزموونەکان ئەو بینەرە بەردەوامەی پرۆژەکە هەوڵی بیرکردنەوە دەدات بۆ بەشداری کردن، هەرچی سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانە ئێمە لەقۆناغی دووەمی کارکردنمان بەتەواوی دەقمان وەلا ناو لەشوێنی دەنگ ئامادەبوونی هەبوو، ئەوە پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤە بۆ شانۆ، چوار کاری لەو شێوەیەمان لەشاری کەرکوك نمایشکردو دواتر لە رانیەو هەڵەبجەو کۆیە ئەو پرۆژەیە درێژبۆوە و بریاروایە وەك پرۆژەیەکی درێژخایەن لەشارەکانیتریش ئەو ئەزموونە بنیات بنێینەوە، کاتێ شانۆکار لەسەرووی هۆشیاری بینەرەوە ئیشی کرد دەتوانێ شانۆ بەرەو پێش بەرێت، بەڵام ئەگەر لەخوار هۆشیاری بینەر سەیری شانۆی کرد بەو بیانووەی بینە ربە ئاسانی تێ بگات ئەوساتە شانۆ لەناو دواکەوتنی کولتوریی دەژیێت.

* ئێوە لەکەرکوکن بەدرێژای مێژوی ئەو شارە هەموو چالاکی و هونەرێکی بارگاوی بوە بە پەیامێکی دروستکراو چ لە لای دەسەڵاتی خۆسەپێنی شار چ لەلای لایەنی بەرگری خەڵکی شار ئەمە تا چەند ئاسانی کردوە جەماوەری شانۆی شارەکەتان ئاسانتر لەناوەرۆکی شانۆکان تێبگەن یان ئەو هەموو پەیامە دروستکراوە هیچ کاریگەرییەکی نەبوە ؟ لەگەڵ ئەم پرسیارە لە تۆ ئەپرسین ئایا دەکرێ ئێستاش پەیامی شانۆی ئەو شارە شەرعیەت دان بێت بە دەسەڵاتەکان یان باسکردن لەژێر دەستی خەڵکی شار ؟ یان ئێستا کاتی پیرۆزکردنی ئینسانەکانە؟

- بۆ من وا سەیری شانۆ ناکەم کە خەڵکی کەرکوك چی پێویستە بەقەد ئەوەی بیر لەوە ئەکەمەوە کە گوتاری ئەزموونگەری لە شانۆدا گەیشتۆتە چ ئاستێك، ناتوانم عەقڵی خۆم لە شانۆی جیهانی داببڕم بەناوی کوردبوونەوە، هێزە سیاسیەکان لەو گەمە ناشیرینە رۆڵێکی سەیریان بینی بەبیانووی کوردبوون لە کەرکوك، کوردبوون بۆ ئێمە بەرەنجامی عەقڵی کارکردنە نەوەك جل وبەرگی کوردیی، سەرەتای کارکردنمان شۆکێك بوو بۆ هەمووان ئێستا نەك سیماکانی ئەو نمایشانە دەرکەوتوون بەڵکو بەشێك لە شانۆکاران بەناوی تازەگەریەوە ڕاستەوخۆ لاسایی کارەکانمان دەکەنەوە، ئەوە هیچ بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی نیە، چونکە ئێمە خەون بە پرۆژەی جیاواز ئەبینین نەك لێکچوون، بۆیە ئەوە وای لێکردووین لە قۆناغی سێیەمی کارکردن پرۆژەی تر ئەنجام بدەین چونکە ئەوەی ئێمە لە کەرکوك نمایشمان کرد ئێستا وەك ستایل وفۆرم بۆ شانۆی ئەزموونگەری سەیر دەکرێت، ئێمە لەو تیپەدا دژی ستایلین بەڵکو خەون بە پرۆژەو شانۆی جیاواز کارمان پێدەکات، ڕەنگە ئەو دۆخەی کەرکوك پەیوەندیی بەوە بێت شانۆ بەو مانایە بوونی نەبێت بۆیە شانۆکاران هەست بکەن بنەماکان لەو ڕێگەیەوە بنیات دەنرێن، هەڵبەت ئەو ئاستەی ئەمرۆ شانۆ لەو شارە پێی گەیشتووە چەندە ئێمە لەتەك چەندین شانۆکاری تر لەرێگەی ئەزموونەکان گۆڕیمان بەهەمان شێوە دەسکەوتە بۆ تەواوی شانۆکارانی شارەکە، سەبارەت بەدوابەشی پرسیارەکەشتان دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە شانۆ هەمیشە لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانەوە توانای پێشڤەچوونی هەیە، دەسەڵات بەهەموو جۆرەکانیەوە گیانی ئەفراندن دەکوژێت، سەرەنجام شانۆ دەبێت بەو ڕووبەری مرۆڤ مومارەسەی ئازادیی خۆی تیا بکات، کە ئێمە ناومان لە ئەکتەرنا جەستەی کولتوری بەو مانایەی یادەوەری خود و یادەوەری کۆمەڵگاو یادەوەری سەرکوتکردن هەموویان لەناو خودی ئەو کولتوری جەستە بنیات دەنێن و مەشقەکان ئەو کولتورە دەتەقێننەوەو لەناو نمایش (کەرنەڤاڵی کولتورەکان) دەینووسێتەوە، نووسینەوەش پەیوەستە بە ئامادەبوونی جەستەو دەنگ لەبۆشاییدا.

* ماوەیەك گروپەکەتان گرفتی گەورەی هەبو بەدەست فەرامۆشکردنی ئێوە لەلایەن دەسەڵاتی کوردستان کە هاوکاری کار ئاسانی گروپەکەتان بە مافی خۆتان ئەزانی ئایا ئێستاش هەمان ئەو گرفتانەهەیە یان چارەسەرکراوە ؟ ئەگەر چارەسەرکراوە تا چەند لەئاستی تموحی ئێوەدایە ؟ ئەگەر نەکراوە بۆچی ئەگێریتەوە؟

- تائێستا ئەو گرفتانە چارەسەر نەکراوە، بۆیە ئێمە تا ئەمرۆ بودجەمان نیە، کێ باوەڕ دەکات تیپێکی وەك ئەوەی ئێمە لەماوەی سێ ساڵدا 15 نمایشی شانۆییمان هەبووبێت و 7 ژمارەمان لە گۆڤاری شانۆکار دەرکردووەو تائێستا بەهیچ جۆرێك لەلایان حکومەت و هیچ دەزگایەکی حزبی هاوکاری نەکراوین، ئەگەرچی لەدوا رۆژەکانی دەسەڵاتی بەرێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیریی من دواین داوای خۆم پێشکەش کردو ئەویش ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، ئێستا بڕیا روایە بودجەیەکمان بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام تا ئێستا نووسراوەکەمان بڕیاری وەزارەتی دارایی لەسەر نەدراوە، هەڵبەت ئەگەر ئێمە ئەو بودجەیەمان پێدرا کە داوای ملیۆن و نیوێکمان کردووە لە مانگێکدا کە دوور نیە بکرێ بە ملیۆنێك ئەوسا دوور نیە بتوانین بەشێکی کارەکانمانی پێ ڕاپەڕێنین، خۆ ئەگەر وەك جاری پێشووش بێ ئەنجام بوو ئەوە ئەمجارە بڕیاری یەکجارەکی ئەدەین وچیتر خۆمان بەهیچ وەهمێك خەریك ناکەین و پەنا ئەبەینە بەر دەزگاکانی ناو کەرکوك، ئەوسا ڕازی

ئەبین هاوکاری لە عەرەب و تورکمانیش وەربگرین، بۆیە ئەو هەوڵەی لە ئێستادا چاوەڕوانین دوا هەوڵی ئێمە دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم.

* لە چاوپێکەوتنێك راتگەیاند ئەگەر سەر بەحزبێك بویتایە ئێستا دۆخێکی ترتان هەبو ، ئەو دۆخە چی ئەبوو؟ واتە ئەگەر حزبی بونایە چیتان بۆ ئەکرا ؟ لە حزبی نەبونت جگە لەشانازی کە بە هەڵوێستەکانتەوە ئەیکەیت چیترت پێ براوە؟

- پەیوەندیی نێوان هونەرمەندو حزب پەیوەندیەکە وابەستە بە بنیاتنانی فاشیزم، ڕەنگە بۆ هەندێك لە هاوڕێکانمان ئەو دەستەواژەیە تەواو تورەیان بکات، بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە هاوڕێکانمان لەخۆمان نەتۆرێنین با تۆزێك ووردبینتر قسە بکەین ئەو دەمەی تۆ حزبی بوویت بەواتای کاری هونەری لەناو ئەو بازنە ئایدیۆلۆژە نابێت دەربچێت دەبێ هێلی سوور هەبێت لەهەرکوێیەك سنوور بۆ هونەرمەند دانراو لەوێدا هەستی جوانناسی و ئەفرێنەری کاری هونەری دەکوژرێت، لەوێدا حزب ئازادیەکانی زمان سنووردار دەکات، ئەوەش بنیاتنانی زمانی فاشیزمە، فرەیی دەنگ د ەکوژێت گوتار ئەبێ لەناو یەك زمان خۆی کورت بکاتەوە، کە زمان ی فاشیزمە.. فاشیزمی ئایدیۆلۆژی، ئەو دۆخە چی بوو ئەگەر ئێستا من حزبی بوومایە، خاوەنی ئۆتۆمۆبیل و سەفەری مانگانە بۆ ئەورووپاو دەزگایەکی شانۆییم بۆ دەکرایەوە، ئەبووم بە بەرێوبەرو کۆمەڵێك کارمەند لەژێر دەستم کارایان ئەکرد گۆڤارەکەمان بەڕسووایی دەرنەدەچوو هەر جارەی بە کەسێك بلێین ئەم ژمارەیەمان بۆ چاپ بکە، بەڵکو بە جوانترین فۆرم و بەچاپی ڕەنگاورەنگ بلاومان دەکردەوە، بەڵام کە حزبی نیم شەر لەگەڵ ئاسن و بەرد ئەکەم بۆ ئەوەی کارە شانۆییەکانمان بەردەوام بن سواڵ بۆ گۆڤارەکە دەکەم بەهەموو دەزگایەکی رۆشنبیرییم وتووە هەر ژمارەیەك چاپ بکەن لەسەری ئەنووسم ئەوان چاپیان کردووە لێرەدا جێی خۆیەتی سووپاسی زۆری هەریەك لە "دەزگای هەواڵ، کۆمەڵەی ڕوناکبیریی کەرکوك، تەلەڤزیۆنی کەرکوك، دەزگای رۆژ" بکەم کە ئەو ئازیزانە تائێستا ئەرکی لە چاپدانی گۆڤارەکەیان لە ئەستۆ گرتووە، من لەحزبی نەبوونم جگە لە شانازی کردن بە هەڵوێستەکانم ئەوەت بیر نەچێت خۆشەویستی خەڵکم وەدەست هێناوە خۆشەویستی بینەر شتێکی کەم نیە تۆ خۆت هونەرمەند ئەوە باش ئەزانی کە وەدەست هێنانی خۆشەویستی بینەر کارێکی ئاسان نیە، لەهەمووشی گرنگتر حزبی نەبوون وای کرد زمانی فاشیزم نەیەتە ناو کاری هونەری منەوە بەڵکوبە پێچەوانەوە زۆر بەتوندی دژی زمانی فاشیزم کارم کردووە، ئەو زمانەی بە ئومێدی درۆینەی کۆمەڵگا فریوو ئەدات کە ممارەسەی زمانی فاشیزممان نەکرد بەڵکو دژی ئەو فاشیزمە ڕەمزیە بووین کە لەرێگەی زمانەوە موهەریجەکانی خستۆتە کار تا دژی داهێنەرو توانا گەورەکانی هونەر قسە بکەن ئیشی ئێمە وەلامدانەوەی موهەریجەکانی نیە بەڵکو گەڕانەوەی جوانی و حورمەتە بۆ ساتە جوانەکانی ئینسانی بوونمان لەرێگەی کاری هونەریەوە، تۆ دیوتە حزبی نەبوون چ دنیایەکی جوانی لا درووست کردووین، ئاخر ئەو دیدارەی من وتۆش ئەگەر حزبی بوومایە تۆقەت منت هەڵ نەدەبژارد بۆ قسەکردن لەشانۆدا.

*حزب هەر سیماو هەر گرنگیەکی هەبێت لە وڵاتی ئێمە بەشێوەیەکی تر لێ ی ئەروانرێت، پرسیار ئەوەیە نیهاد جامی وەك شانۆکارو هونەرمەندێك وەك رۆژنامەوان ونوسەرێك چۆن لەو هونەرمەندە کوردانە ئەروانێت کە کاری حزبی ئەکەن؟ ئایا لەناو حزبی کوردیدا تا چەند مەودای کاری هونەری هەیە؟ تا چەند ئازادی بۆ چالاکیەکانی ئەو هونەرمەندانە ئەبێت کە لەگەڵیانن؟ هونەرو پەیامی هونەری پێویستی بە

بیرکردنەوەی ئازادو مەیدانی ئازاد هەیەئەگەر لەناو حزبە کوردیەکان ئەو مەیدانەیان نەبێت تۆ بەهونەرمەندە حزبیەکان ئەڵێیت هونەرمەند ؟ ئەو پێناسەیەیان پێ ئەدەی ؟ یان چۆن لێیان ئەروانییت؟

- ڕوانین وابەستە نیە بە حزبی بوونەوە بەڵکو ئیشکالیەتەکە بۆ ئەو سیستمەی حزبی کوردیە کە ئیش لەسەر کوشتنی زمانی هونەرمەند دەکات، زمانێکی تری بۆ درووست دەکات کە بارگاویە بەهەستێکی تورەی ئایدیۆلۆژی، بەپێی ویستەکانی ئەو دۆخە دەیهێنێتە قسەکردن، بۆیە ئەوانە هێندەی دەبنە کادیری حزب بۆ بۆنەو یادەکان بەهیچ کلۆجێك پەیوەندیان بەکاری هونەریەوە نیە، چونکە بەڕاستی حزب لەناو ئەو کۆمەڵگایە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەوە تێبگات دەبێت هونەر ئازادانە ئیش بکات، بۆ نمونە هەندێکجار گوێبیستی زاراوەی شانۆی سیاسی ئەبین هەندێك لە کارەکتەرە حزبیەکان باس لەشانۆی سیاسی دەکەن وەك شانۆیەکی باو لەدنیادا، ئەوەیان بیر دەچێت ئەو شانۆیە چەندە سیاسی بووە هێندە ڕەخنەیی بووە نەك ستایشکار، شانۆی سیاسی ئیشکردنەوە بوو لەناو تیۆرێکی شانۆیی نوێ کە دەسەڵاتی سیاسی سنوری بۆ دانەناوە بەڵکو ئەو شانۆیە سنوری بۆ دەسەڵات داناوە، بۆیە کاتێك هاوڕێ سیاسیەکان باس لەهونەر دەکەن دڵنیات دەکەنەوە کە ئەوان دەم لەبابەتێك دەدەن کە زانیاریان لەبارەیەوە نیە تەنها وەك ناونان بیستوویانە، بۆیە حزب هەمیشە هونەر وەك کەناڵ وئۆرگانێکی ئایدیۆلۆژی بۆخۆی سەیر دەکات، بۆیە ئەوانەی کاری هونەریان تەسلیمی حزب کردووە، ئەوان ویستویانە هونەر بە حزب بفرۆشن، هێندە گەوجانە ڕەفتاریان کردووە بیریان چووە ئەوان تەنها خۆیان بە حزب فرۆشتووە نەك هونەر چونکە لەمێژە ئەوان کادیری حزبن و پەیوەندیان بە هونەرەوە نەماوە، پەیوەندیی نەمانیش واتە ئەوان ناتوانن جوانی ببینن و داکۆکی لە جوانی بکەن بەڵکو بوونەتە بەشێك لەو دنیا ناشیرینیەی ئایدیۆلۆژیا کە دەیەوێ هەڕەشە لە جوانیەکان بکات، وەزیفەی هونەرمەندانی داهێنەرە کە دژایەتی ئەو هەڕەشە بکات تا حورمەت بۆ جوانی بگەڕێنێتەوە.